# ئاهەنگێکی کوردی لە ئیسرائیل



بەشیر سەبری بۆتانی
hunername@hotmail.com

بۆ جەماوەری هەوا، هۆرە، حەیران و گۆڤەندی کوردی، ئاهەنگێکی فۆلکلۆری و میللی هی دەڤەرەکانی گۆران و موکریان لە شاری ناتانیا - ئیسرائیل دەگێڕدرێ. دانییێل عەزری کە بەناوبانگە بە حەسەن زیرەکی ئیسرائیل و یەکێکە لەو سترانبێژانەی کە بەشدار دەبێ، هەروەها ژەنیاری ئامێری تار تسڤیکە شمۆئێل لە گەل چەند موزیکژەنێك، سترانبێژێك، هەوابێژێك، هۆرەبێژێك و حەیرانبێژانی دیکە. دەربارەی ئەم ئاهەنگە حەسەن زیرەکی ئیسرائیل دەبێژێ: ڕاستە کە ئەم ئاهەنگە تایبەتە بە هونەری ناوچە و دەڤەرەکانی گۆران و موکریان، بەڵام گەلێك خەڵکی دەڤەرەکانی دیکەش ئامادە دەبن و بە تایبەت جوولەکەکانی هەڵەبجە، کەرکووك، سنە، بۆکان، سەقز و بانە.

ڕۆژ: سێشەممەی 11-12
کاتژمێر: 10ی شەو
جێگا: بێتە عام
نرخی بلێت: 150 شێکل (50 $)

کۆمیتەی ئامادەکار لە ناخی دڵەوە و بە گەرمییەوە بە خێرهاتنی هەموو میوانانی ڕێزدار دەکا.